زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# شێوازی نوسین

## ڕێگای لێكدان + ڕێگای لێکدان وداڕشتن

مامۆستای بابەت/ شاهین حمدامین سادق

# لێکدان

- پێکەوە بەستنی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ، یان مۆرفیمێکی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی ڕەگ، بەبێ ئامراز و بەیارمەتی ئامراز دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە وشەیەکی نوێ ساز دەکرێت، لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێ لەڕووی ڕووخسار و واتاوە پڕۆسەیەکی گشتیە و دەتوانین بڵێین لە زۆربەی زمانەکانی جیهان ڕوودەدات، بەتایبەت ئەو زمانانەی سەر بە خێزانی هندۆ ئەورووپیەکانن، لەبارەی زمانی کوردییەوە هەروەک لە وشەسازیدا دیارە کە زمانیکی پێکدا لکاوەو وشە ودەربڕینەکانی ناسادە و لێکدراون، کە بە هۆی ڕێبازی لێکدانەوە زۆربەی ناو و کردارەکان لە سەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار یان زۆرتر لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا پەیدا بوون، ڕێگای لێکدان بە وردبوونەوە لە فەرهەنگ گرینگیەکەی دەردەکەوێت و چالاکیی ڕێگای لێکدان ڕوون دەبێتەوە بەوەی کە لە دارشتنی وشەی نوێدا خاوەنی چەندین بنەما و دەستووری جیاوازە.

# وشەی لێکدراو

بەگشتی وشەی لێکدراو لە کوردیدا بەچەند شێوەیەکی جیاواز دەبینرێت، کە هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و مۆرفۆلۆجی تایبەت بەخۆیەتی، کە ئێمە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.
بۆ نمونە/ بەردەنوێژ، سەرچنار، کێوەڕەش، لەرزوتا، سەربەرز......هتد

لە ڕووی دروستەی واتایی و ڕێزمانییەوە ئەو وشانەی لە ریگەی لێکدان دروست دەبن پەیوەندی نێوانیان بەشێوەی جیاواز دەبینرێت، وەک

١- هەندێکیان تێکەڵەیەکی واتایی هەردوو کەرتەکە دەبێت. نمونە/ هێلکەوڕۆن، چاوڕەش، لەرزوتا...... هتد

٢- هەندێکیان لە رووی واتاییەوە واتاکانیان پێشبینی ناکرێت و سروشتێکی ئیدیەمیان تێدایە، کە بەشی زۆری وشە لێکدراوەکانی زمان دەگرێتەوە. نمونە/ دەم درێژ، چاوباز، زمان درێژ، دووڕوو، کونەبا، دەست پاک .......هتد

# وشەی لێکدراو

بەم پێیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەر زمانێک ڕێسای تایبەتی لێکدان و ڕۆنانی وشەی لێکدراوی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، پرۆسەی لێکدان پرۆسەیەکی بەرچاو و گشتییە لە هەموو زمانەکاندا.

لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە لەم وانەیە دا ئەوەیە کە لە زۆربەی پرۆسەی لێکداندا مۆرفیمێکی لیکدەر بەشداری پێکهاتەی وشە لیکدراوەکان دەکات، کە لای هەندێ لە زمانەوانان بە مۆرفیمی بەند هەژماردەکرێت.

وەک دەگوترێت وشە - لێکدان لە مۆرفۆلۆجیدا بریتییە لە پرۆسە یان کردەی لەیەکدان و ئەنجامەکەی لە ڕێی بەستنەوەی چەند تاکە تومێکی سەربەخۆ (مۆرفیمی سەربەخۆ)وە بەیارمەتی مۆرفیمیکی لیکدەریان بەبی ئەو مۆرفیمە دروست دەکرێت.


# دیارترین ئەو مۆرفیمە بەندانەش بریتین لە


/ ە / شۆڕەژن، گەورەکچ، گێلەپیاو، ڕەشەبا، گوڵەگەنم......هتد
/ بە / دەست بەسەر، ژن بەژن، گوڵ بەدەم، لێوبەخەندە......هتد
/ و / دەم وچاو، ڕەش وسپی، ڕەش و ڕووت، سەروژێر.....هتد
/ ەو / ماڵە وماڵ، ساڵە و ساڵ ......هتد
/ او / دۆڵاودۆڵ، دەستاودەست، دەماودەم، پشتاوپشت.......هتد

دەکرێت هەر یەکێک لەو مۆڕفیمانە وەکو مۆڕفیمی بەندی لێکدراو هەژمار بکەین، چونکە هیچیان توانای دەرکەوتەی سەربەخۆیان نیە و دەبنە بەشێک لە وشەکە و پێکهاتەی فەرهەنگی وشە دروستکراوەکە و لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن.

# لێکدان و دارِشتن ( دارِژاوی لێکدراو)

له مۆرِفۆلۆژی کوردیدا، بەکەمترین جارباس لەم ڕێگەیە کراوە، کە چی دەبینین لە فەرهەنگی زماندا چەندین وشە لە بوارە جیاکان کە بەم ڕیگەیە دروستکراون هەن. هەندێ لە وشەکانی زمانی کوردی دەبینین نە لێکدراون نە دارِژاون، بەڵکو بەهەردوو ڕێگەی لێکدان و دارِشتن دروستکراون، ئەم وشانە لەزمانی کوردیدا بە ریژەیەکی بەرچاو دەبینرێن. بۆیە ئەم وشانەی کە لە ڕێبازی بەرهەمهێنانیاندا بە پرۆسەی دارِشتن و لێکداندا تێپەڕیوونە پێیان دەگوترێت (دارِژاوی لێکدراو) وەک/ سەربەرزی، وڵاتپارێزی....هتد



# داڕژاوی لێکدراو

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناتوانین هەر یەک لەم وشانە بەتەنها بە داڕژاو یان لێکدراو هەژمار بکەین، بەڵکو پڕۆسەی دروستبوونیان بە دووریگادا ڕۆیشتوون بەهەردوو ڕیگا یەک وشەی فەرهەنگییان دروستکردووە. بەرهەمی ئەم پڕۆسەیەش بەشێکە لە وشە، کە لە دوو مۆرفیمی بنکە (سەربەخۆ) و یەک یان چەند گیرەکێکی وشەداڕێژ بەشداری تێدا دەکەن.

لەم پڕۆسەی سازکردنەشدا لەزمانی کوردی ڕۆسەی لێکدان پێش پڕۆسەی داڕشتن دەکەوێت، واتە سەرەتا وشەکە وەک دانەیەکی فەرهەنگی لێکدراو لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ دروست دەکرێت، دواتر بەرێگەی داڕشتن وشەیەکی نوێ لە وشە لێکدراوەکە سازدەکرێت. بەزۆریش ئەو گیرەکە وشەداڕێژەی بەشداری ئەم ڕۆسەیە دەکات مۆرفیمی بەندی دروستکردنی ناوی ئەبستراکت (معنوی)یە لە نێو ئەمانیشدا مۆرفیمی /ی/ لەهەموویان چاڵاکترە.

نمونە/

# نمونەکان:

ئاشتیخوازی (ئاشتی+خواز) لێکدان،  (ئاشتیخواز+ی) دارِشتن.
دوورەپەرێزی ( دوور+ە+پەرێز) لێکدان،  ( دوورەپەرێز+ی) دارِشتن.
میواندۆستی (میوان+دۆست) لێکدان،  (میواندۆست+ی) دارِشتن.

گەلێک جاریش وارِێکدەکەوێت لە شوێنی مۆرِفیمی بەندی / -انە / لە شوێنی مۆرِفیمی بەندی /-ی/ ئەم رِۆڵە ببینێت. وەک لە وشەکانی:
چاونەترسانە (چاو+نەترس) لێکدان، (چاونەترس+انە) دارِشتن.
سەربەرزانە (سەر+بەرز) لێکدان،  (سەربەرز+انە) دارِشتن.
ژێردەستانە (ژێر+دەست) لێکدان، (ژێردەست+انە) دارِشتن.

هەروەک دەبینین لەم رِێگایەش دا مۆرِفیمی بەندی وشەدارِێژ رِۆڵێکی کارای هەیە لە سازکردن وشەی نوێ لەرووی واتا و فۆرِمەوە

# بەهیوای سەرکەوتن